**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٢/٤/٦**

وێنەیەکی تەرجەمەکراوی دەقە عەرەبییەکەیە

## «بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی مادەی(٥٦)ومادەی (٥٣)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢و، لەسەر داواکردنی وەزیری داد و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٤)ی ڕۆژی ٤/ ٢٠٠٢/٤ دا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا.

**یەکەم:** بڕیاری ژمارە(١٠)ی ڕۆژی ٢٠٠١/١٠/١٠ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق پووچەڵ دەکرێتەوە.

**دووەم:** دەسەڵاتی دەرهێنانی لێبوردنی تایبەت لە حوکمدراوەکانی هەرێم دەدرێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**سێیەم:** دەسەڵاتی دەرهێنانی بڕیاری وەستاندنی تەعقیباتی یاسایی و داخستنی ئەوراقی لێ پێچانەوە دەرهەق بە تاوانباران لە قۆناغی لێ پێچانەوەو دادگایی کردن و ئازاد کردنیشیان دەدرێ بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**چوارەم:** حوکمدراوان و تاوانباران لەیەک جار زیاتر لەم بڕیاری لێبوردنە سوودمەند نابن.

**پێنجەم:** هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**شەشەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار.

**حەوتەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە دەخرێتە بەرکارو لە(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**